# تارمایی پەترۆل هەڕەشە لە کورسی و دەستەڵاتەکەی ئۆباما دەکات





تەقینەوەی بیرە نەوتی کۆمپانیای بریتش پەترۆلیۆم British Petroleum و کوژرانی یازدە کەس، هەروەها لەکارکەوتنی بیرەکەو بە فیڕۆ ڕۆیشتنی نەوتەکەی گەلەیی و گازاندەیکی زۆری هێناوەتە سەر باراک ئۆبامای سەرکۆمار. لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی بەقاچاغ ڕەوانە کردنی نەوتی عێراق لەلایەن ئەو سەرکردە عێراقیانەی کە ئەمریکا پشتیوانیان لێدەکات بۆ ئێران کە خودی ئۆباما گەمارۆی لەسەر داناوە، بەڕێوەبەرێتی کۆشکی سپی لەژێر پرسیار داناوە.

ماوەی دوو مانگە بیرە نەوتەکەی بریتیش پەترۆلیۆم تەقیوەتەوە و تا ئەمرۆکەش ڕۆژانە 35 هەزار تا 60 هەزار بەرمیل بۆ کەنداوی مەکسیک دزە دەکات، بەوهۆیەشەوە زیانێکی گەورە بە ژینگە و ئاوی کەنداوەکە گەیشتووە. ناوەندە جۆراوجۆرەکانی ئەمریکا بە توندی ڕەخنە لە ئۆباما دەگرن و بە کەمتەرخەمی دادەنێن، تەنانەت بەهۆی ئەوەی کە بە کەمی سەردانی شوێنەکەی کردوە و دیداری بنەماڵەی قوربانیەکانیشی نەکردوە، گلەیی لێدەکرێ و ڕەخنەی لێدەگیرێ.

ناوەندەکان گلەیی ئەوەی لێدەکەن کە ئەو کارە ئۆبامای تووڕەو نیگەران نەکردوە، شێلگیرانەش بۆ ڕاگرتنی نەوتەکەو پاک کردنەوەی ناوچەکە هەنگاوی هەڵنەهێناوەتەوە.

لە هەفتەی ڕابردوو ڕۆژنامەی نیۆیۆرک تایمز ئاشکرای کردبوو کە عێراقیەکان نەوت بۆ ئێران ڕەوانە دەکەن، هەروەها ئەو گەمارۆیەی کە باراک ئۆباما لە دژی ئێران ئیمزای لەسەر کردوە، لەلایەن عێراقیەکانەوە لەبن پێ دەندرێ، چونکە ئێرانیەکان هەرچیان بوێت لە ڕێ عێراقەوە وەدەستی دێنن.

ڕۆژنامەی نیۆیۆرک تایمز لە زاری بەرپرسێکی گەورەی ئەمریکی لە هەرێمی کوردستان کە نەیویستوە ناوی ئاشکرا بکرێ، گوتویەتی: کۆنترۆڵکردن و ڕێکخستنی نەوتی خاوی عێراق کە بە قاچاخ بۆ ئێران ڕەوانە دەکرێ، نیگەرانی لەلایەن بەرپرسانی ئەمریکی دروست کردوە، چونکە لەوە دەترسن کە داهاتی ئەو نەوتە بۆ گیرفانی بەرپرسەکان بڕوات.

کێشەی بە هەدەرچوونی نەوت لە بیری کۆمپانیای بریتیش پەترۆلیۆم و ڕەوانەکردنی نەوتی خاوی عێراقی بۆ ئێران نیگەرانی و دڵەڕاوکێی لای واشنتن دروست کردوە، چونکە لەوە دەترسێن کە ئاکامی سیاسی خراپی لێ بکەوێتەوە. لەوە نیگەرانن نەوەک کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنەکانی کۆنگرێس دابنێ کە لە دوای پێنج مانگی دیکە بەڕێوەدەچێ.

بانگەشەی تێپەڕکردنی پرۆژەی چاکسازی و پاراستنی تەندروستی، کێشانەوەی دەستبەجێی هێزە سەربازیەکان لە عێراق و هاتنە دەرەوەی سوپای ئەمریکا لە ئەفغانستان لە ماوەی دوو ساڵ، هەروەها بەڵێندان بۆ ڕزگارکردنی ئابووری ئەمریکا لە داڕمان، دەرگەی کۆشکی سپی بۆ باراک ئۆباما کردەوە، بەڵام ئێستا ڕەوشەکە پێچەوانە شکاوەتەوە. بە فیڕۆ ڕۆیشتنی نەوت و بە قاچاغ ئاودیوکردنی نەوتی عێراق بۆ ئێران و هەرەسهێنانی بەردەوامی ئابووری تەنگی بە باراک ئۆباما هەڵچنیوە. سیاسەتمەدارو سەرکردەکانی حزبەکەیشی نیگەران و هەراسان کردووە.

باراک ئۆباما هەستی بەو مەترسیانە کردوە، بۆیە بۆ کەمکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێی ئەمریکیەکان لە کۆشکی سپیدا وتارێکی بۆ گەلی ئەمریکا داو بەڵێنی پێدان کە هاوکاری کۆمپانیای بریتیش پەترۆلیۆم بکاتەوە لەپای ئەو زیانانەی کە پێی کەوتووە، بەڵام زۆرینەی خەڵکی ئەمریکا گومانیان لە بەڵێنی ئۆباما هەیەو پێیانوایە کە ناتوانێ درێژە بەسەرۆکایەتی بدات و لەنێو قەیرانەکاندا دەخنکێ.

ئۆباما گوتبوی:' وێڕای هەموو تواناکانمان ئێمە دووچاری دزەکردنی نەوت بووینەتەوە، بەڵام هەرچەندە کاتی بوێت هەر ڕووبەڕووی دەبینەوە و کۆنترۆڵی دەکەین'

نەیارەکانی ئۆباما ئەو قسانە بە بێ ئومێدی دادەنێن، چونکە پێشتر ئۆباما ڕایگەیاندبوو کە لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا بە ڕێژەی 90% دزەکردنی نەوت رادەگرین، بەڵام ئەوە دوو مانگ بەسەر ڕووداوەکە تێپەڕ دەبێ کەچی کارێکی یەکلاکەرەوە ئەنجام نەدراوە.

ئۆباما دانی بەوە دانابوو کە دزەکردنی نەوت کارەساتێکی ژینگەییە کە ئەمریکا بە دەستیەوە دەناڵێنێ، وەک زەوین لەرزەوباهۆز و لافاو نیە کە لە چەند چرکەو ڕۆژێکدا کۆتایی پێ بهێنرێ.

ئۆباما دزەکردنی نەوتی بۆ ناو کەنداوی مەکسیک بە پەتا وەسف کردبوو، گوتبوی ڕەنگە چەند مانگێکی بوێ تا بە تەواوی کۆنترۆڵ دەکرێ. ئەو قسانەش بە زیانی خۆی تەواو دەبن و هەڕەشە لە کورسی و دەستەڵاتەکەی دەکەن.

ڕاستیەکەی حکومەتی واشنتن هەزاران پاسەوان و سەربازی ڕەوانەی کەناری مەکسیک کردوە تا ژینگە پاک بکەنەوەو ڕێ لە دزەکردنی نەوت بگرن، بەڵام وەک دەگوترێ تا ئێستا ماندووبوونەکەیان ناکام ماوەتەوەو نەیانتوانیوە ئەو پەتایە بنبڕ بکەن، بەوهۆیەشەوە دڵەڕاوکێ بۆ دراوسێکانی ئەمریکا دروست بووە.

وێڕای ئەوەی کە ئەمریکا ناچارە کە تێچووی مەسرەفی ئەو هێزە لە ئەستۆ بگرێ کە بۆ ناوچەکە ڕەوانەی کردوون، دەبێ قەرەبووی زیانلێکەوتوانیش بکاتەوە، بۆ ئەو مەبەستە ئۆباما داوای لە کۆمپانیای بریتیش پەترۆلیۆم کردوە تا سەندوقێکی دارایی کاتی دابمەزرێنێ بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو کەس و لایەنانەی کە بەهۆی دزەکردنی نەوتەوە زیانیان پێگەیشتووە.

بەگوێرەی سەرچاوە ئاگادارەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی پەڵە نەوتیەکان تا ئێستا بە درێژایی 84 کیلۆمەتر ڕێگر داندراوە، هەروەها زیاتر لە 800 ملیۆن لیتر نەوت کە تێکەڵاو بە ئاو بووە ڕاکێشراوەتەوە. تێچووی ئەو کارەش گەیشتۆتە 1.25 ملیار دۆلاری ئەمریکی.

وێڕای کۆنترۆڵ نەکردنی ڕۆیشتنی نەوت بۆ ناو کەنداوی مەکسیک، ئەمریکیەکان دزەکردنی سووتەمەنی بۆ ناو ئێران بە مەترسی گەورەتر دادەنێن.

ڕاپۆرتێکی ئەمریکی ئاماژەی بەوە کردوە کە ئێرانیەکان لە ڕێی عێراقیەکانەوە هەرچیان بوێت لە کۆمپانیا جیهانیەکانەوە دەیکڕن و ڕەوانەی ناو عێراقی دەکەن، لەوێش بە دزیەوە بۆ ئێران ڕەوانەی دەکەن، بەوهۆیەوە واشنتن دووچاری نیگەرانی و کەم دەستەڵاتی دەکاتەوە.

ئەمریکا دەخوازێ کە فرۆشیارەکانی نەوت مامەڵەکردن لەگەڵ ئێران ڕابگرن، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە نەوت و سووتەمەنی بە قاچاغ لە عێراقەوە بۆ ئێران دەڕوات، متمانە بەو گەمارۆیە ناکرێ کە خراوەتە سەر ئێران.

ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بەوە داوە کە ئێران ڕۆژانە 90 هەزار بەرمیل بەنزین دەکرێ و لە ڕێی جیاوازەوە وەدەستی دێنێ.

ئەگەرچی پەترۆل سەرمایەیکی کەم وێنەی زۆربەی وڵاتانە، بەڵام ئێستا خەریکە کورسیەکەی ئۆباما دەلەرزێنێ. لەو پێوەندیەشدا چاودێرانی سیاسی پێیانوایە کە باراک ئۆباما هەنگاوی خێراو کردەیی هەڵدەگرێتەوە، لانی کەم دەستەڵاتەکانی خۆی بۆ کۆنترۆڵکردنی پەترۆل دەکار دەکات.

ئێستا چاودێرانی سیاسی چاوەڕوانن تا بزانن ئۆباما بۆ ڕزگارکردنی کورسیەکەی لە پەتای پەترۆل چ ڕێگەچارەیەک سەر پشک دەکات.

**هاشم عەبدوڵڵا محێدین**

hashm_abdulla@hotmail.com

# ململانێی بەها و بنەماکان لە نێوان فەیلەسوف وپادشاکان دا

درز و کەلێنێکی گەورە هەیە کە بەها وبنەمای فەیلەسوفەکان لە بەها وبنەماکانی شا ودەسەڵاتدارەکان جیادەکاتەوە، بیرمەند وفەیلەسوفەکان تێدەکۆشن و هەوڵدەدەن بنەمای دادپەروەری و یەکسانی لە ناو کۆمەڵگە ولەناو مرۆڤەکاندا بڵاوبکەنەوە وهەوڵی بەدیهێنانی هەق و ڕاستی دەدەن و پێشێلکردن ودوستدرێژی کردنە سەرمافی مرۆڤ ئیدانە و ڕیسوادەکەن.

کەچی شاکان کە فەرمانڕەوا و دەسەڵاتدارن، بنەمای بەد و شەڕخوازی لە کردار و ڕێنمایەکانیاندا بەدیدەکرێت بۆ زاڵبوون بەسەر کۆمەڵگەدا، ئەم پێچەوانەیەش لە نێوان بەها وبنەماکانی فەیلەسوف وشایەکان، کاردەکاتە سەر شێوازی پەیوەندی نێوانیان، لەبەر ئەوەی شاکان پێویستیان بە دانایی و ڕاوێژکاری فەیلەسوفکان هەیە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دەولەت، بۆیە هەوڵدەدەن بیرمەندەکان لەخۆیان نزیکبکەنەوە و گوێ لە دید و بۆچونیان دەگرن لە پێناو چارەسەرکردنی کەموکوڕی و گەندەڵییەکان لە ناو دامودەزگاکانی دەوڵەتدا، وەلێ ئەم پەیوەندییە خێرا تووشی ناکۆکی و قەیران دەبێت، کاتێک کە شا هەوڵدەدات لە ڕێگەی دەوڵەتەوە کۆمەڵگە بە تەواوی بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، ئەو کاتە فەیلەسوفەکان ڕەخنە لە کردەوەکانی شا و دەولەت دەگرن، بۆیە دەولەتیش پەنادەباتە بەر ئازاردانی هزرمەندان، چونکە بە دیدی دەولەت، فەیلەسوف و هزرمەندان سنووری خۆیان بەزاندوە، ڕۆڵی خۆیان لە شوڕەت و ڕاوێژکردن گۆڕیوە بۆ دەرخستن و پیشاندانی گەندەڵییەکان لە ناو دامودەزگاکانی دەوڵەت وشادا، ئەمەش بە دەستێوەردان دادەنرێت لە کارەکانی دەولەتدا وشا بێهێز و لاواز دەردەخات.

ڕۆشنبیر وفەیلەسوف پێیان وانیە کە ئەرکیان تەنیا ئامۆژگاریکردنی شا و دەسەڵاتدارانە، بەڵکو بڕوایان وایە کە ڕیسواکردن و دەرخستن و پیشاندانی گەندەڵییەکان بەشێکن لە ئەرکەکانیان، لەبەرئەوەی ڕۆشنبیر وفەیلەسوف لە ناو کۆمەڵگەدا بە پارێزەری بەهاکانی دادپەروەری و یەکسانی دادەنرێت وپەیامەکەیان، بریتیە لە پاراستنی بەرژەوەندی و مافی تاکەکانی کۆمەڵگە و بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی شای ستەمکار، ئەم ئەرکەی ڕۆشنبیر وفەیلەسوفانیش پێچەوانەی بەها وبنەماکانی دەسەڵاتدارانە، بۆیە شا ڕەقی و توندی دژی ڕۆشنبیران بەکاردەهێنێت و دەیانچەوسێنێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەوانە بوونەتە بەربەست لەبەردەم بەرژەوەندیەکانی شا و دەسەڵاتداران.

شاکان بە درێژایی مێژوو هەوڵیانداوە خویان لە فەیلەسوف و ڕۆشنبیران نزیکبکەنەوە، بۆ ئەوەی ئەمانە لایەنگیری شا بکەن و هەروەها بۆ ئەوەی لە ئەرکە سەرەکیەکەی خۆیان کە بریتیە لە داکۆکیکردن لە بەرژەوەندی گشتی وپاراستنیی بەهاکانی دادپەروەری و یەکسانی، ئەم نزیکبوونەوەیە گەلێک شێوەی وەرگرتووە، هەندێ جار ڕۆڵی ڕاوێژکاری شایان بینیوە وەک ڕێگەیەک بۆ بەدەستهێنانی سۆز وهەڵوێستیان، هەندێک جاریش شا توندوتیژی دژی ئەمانە بەکارهێناوە، کاتێک کە ملیان نەداوە بۆ جێبەجێکردنی داواکاریەکانی شا.

هەروەها هەندێک جار شا و دەولەت تۆمەتی هەڵبەستراویان خستۆتە پاڵ فەیلەسوفان و تاوانی ئیلحاد و بێباوەڕی لە پێشەوەی ئەو تاوانانە بووە، کە خراونەتە پاڵ هزرمەند وفەیلەسوفان، یان بەو تاوانەی کەوا ئەمانە دژی بەها باوەکانی کۆمەڵگە وەستاون و مێشکی گەنج و لاوەکان تێکدەدەن.

بە درێژایی مێژوو ئەم جۆرە سزایانە دووچاری چەندین فەیلەسوف و بیرمرند بۆتەوە، بەم شێوەیە دەسەڵاتدار و شاکان توانیویانە کاروانی زانست و پێشکەوتن لەکاربخەن، ئەویش بە کوشتنی فەیلەسوفان، لە پێناو پاراستنی دەسەڵات و خۆیان سەپاندوە بەسەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی.

ئەم جۆرە حوکمە ناڕەوایە کە دووچاری چەندین فەیلەسوف و بیرمەندان هاتووە، بە تێپەربوونی زەمەن و ڕۆژگار بوونە هۆکارێک بۆ ڕووخانی ڕژێمە ستەمکارەکان و ئازادکرنی مرۆڤایەتی لە چنگ حوکم و فەرمانڕەوایی شا و دەسەڵاتە ستەمکارەکان، ئەگەر چی ئەم جۆرە ڕژێمانە شکستیان هێناوە، کەچی بەهاکانیان بە گەلێک شێوازدا لە سەردەمی ئێستادا ولە دەسەڵاتی جۆراو جۆردا هەر باوە و ماوەتەوە.

تاکو ئێستاش تاوانی ئیلحاد و بێباوەڕی ئامادایە بۆ خرانە پاڵ ئەوانەی ڕای جیاوازیان هەیە بە تایبەتی فەیلەسوف و بیرمەندان.

هەندێک لە دەولەت و ڕژێمە نوێیەکان بوونەتە میراتگری بەها و بنەمای ڕژێمە ستەمکارەکانی سەردەمانی پێشوو، بەڵام ڕێنماییەکانی فەیلەسوف و بیرمرندان لە بەهاکانی چاکەخوازی سەرچاوەدەگرێ لە پێناو بڵاوکردنەوەی بنەماکانی دادپەروەری و یەکسانی لەناو کۆمەڵگەدا و تاکو ئێستاش هەندێک لەوانە کۆشش دەکەن بۆ هێنانەدی ئەرکەکەی خۆیان وداوای هێنانەدی ئاشتی دەکەن لە گشت جیهاندا.

تاکو ئێستاش ململانێ بەردەوامە لە نێوان ستەمکاری و سیستەمی دواکەوتوو لەگەڵ ڕۆشنبیر و فەیلەسوف و بیرمرندان، بەڵام ئەم سیستەمانە سەرکەوتوو نەبوونە لە لابردن ودەرهێنانی بەهای چاکەخوازی لەمێشک و زەینی نەوە یەک لەدوای یەکەکان یەوانەی داوای دادپەروەری و یەکسانی دەکەن.

ڕەنگە دەسەڵاتداران توانیویانە و سەرکروتووبوونە لە کۆسپ دانان لەبەردەم ڕەوڕەوەی پێشکەوتن وتوانیویانە لە ڕێگای بەکارهێنانی تۆقاندن وچەوساندنەوە دادپەروەری و یەکسانی لەکاربخەن، بەڵام هەرگیز نەیانتوانیوە هەوڵ و وورەی ڕۆشنبیر و بیرمرندان بروخێنن و لاوازیان بکەن، بۆیە هیچ ڕێگایەک لەبەردەم دەسەڵاتی ستەمکار نەماوە، تەنیا گۆڕینی سیستەمەکەی نەبێ و وازهێنان لە شێوازەکانی زۆرداری و چەوساندنەوە و بنیاتنانی بەهای چاکەخوازی و هەوڵدان بۆ پیادەکرنی سیستەمی دیموکراسی و دان بە مافی مرۆڤ وئازادی بیروڕا وکارکردن بۆ هێنانەدی بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگە



**محەمەد سلێمان**

❊